سەروتار

# بڵێین خۆزگە یا داوا دەکەین



بەختیار حەیدەر

پێش چەند ڕۆژێک چاوم بە ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆشنبیر و لێهاتووی شاری هەولێر کەوت، و گفتوگۆمان لە کۆمەڵێک پرس کرد، هەرێمەکەمان (کوردستان) و گرفتەکانی و مەترسییەکانی دەورووبەری یەکێک بوو لە تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکەمان، باسمان لەوە دەکرد چی بکەین، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و کەموکورتییەکانی.

لەو نێوەندەدا، ئەو ڕۆژنامەنووسە بەنێوبانگە، باسی لە وتارەکەی پێشوومی کرد، کە لە راوێژی ئازیزدا بەناونیشانی (خۆزگە) نووسیبووم، پێی گوتم: ئێوەی پارێزەرە دێرینەکان، زەروورە بڵێن، داواکاریمان ئەوەیە و ناشێت بێژن: خۆزگە وا بووایە.

مەبەستمە لێرەدا بڵێم، کە ئەو هەڤاڵە دێرینەم، ڕاستی فەرموو و نیشانەی تەواوی پێکا، لەبەر دووی هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان: پارێزەرەکان توێژێکی گرینگ و ڕۆشنبیریی هەر جڤاکێکن، پێویستە لەسەریان کە ڕۆڵی کارا لە رابەرایەتیی کۆمەڵگا و ئاراستەکردنی بە ڕێڕەوی ڕاستیی نیشتمانی و سیاسیی و یاساییدا ببەن، دووەمینیشیان: دەرەنجامی لایەنی یەکەمە، ئاخر حوکومەت و لایەنەکانی تر، هەزار حیساب بۆ پارێزەران و بزاوتەکانیان دەکەن، بۆیە دەبینین هەوڵدەدەن بەپێی توانا وەڵامی داواکارییەکانیان دەدەنەوە و خۆ لە تووڕەکردنیان دەپارێزن.

بە گەڕانەوە بۆ باری هەرێمەکەمان و حاڵی ئێمەی پارێزەران لە گشت ڕووەکانی پیشەیی، نیشتمانی، سیاسیی و یاسایی هەست بە کەمتەرخەمییەکی گەورە دەکرێت، تەنانەت زۆریش دوورکەوتوونەتەوە لەو ئەرکە پیرۆزانە و هەنبەرگەلەکەمان لەو ڕووانە بیرچوونەوەیەکی تەواومان لێ بەدی دەکرێت، ئاخر ژمارەیەکی کەمی پارێزەرانی لێ دەربچێت، کە ناکرێت ڕۆڵیان لە بوارە جیاجیاکان دیار نەخرێت، دەنا زۆربەی پارێزەران بە تەنها شتێکەوە مژوولن، ئەویش پەیداکردنی پارە، بەداخەوە هێندێک لەوانە ڕێگەی نایاساییش دەگرنە بەر بۆ پوول پەیدا کردن.

ئەوانە (مەبەستم کەمتەرخەمەکانە) هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە، کە شایەنی باس بێت، لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و پشکداریکردن لە بنیاتنانی دەوڵەت و حوکومەت و داو و دەزگای یاسا.

بۆیە ئەوەی لەسەر ئێمەی پارێزەران پێویستە، ئەوەیە کە چاکسازی لە کۆی حاڵی خۆمان بکەین و کاروبارەکانمان ڕێک بخەین و قۆڵی لێ هەڵ بکەین، بۆ ئەوەی ڕۆڵە ڕاستەقینە و رابەرایەتییەکەی خۆمان لە نێو جڤات و هەرێمەکان وەربگرینەوە، تا ئەو هەزار حیسابەی کە لە پێشەوە باسمکرد، بۆمان بکرێت کە بەڕاستی لە شان و شەوکەتی ئێمەش دەوەشێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی سەرەوەش، ئێمە ئەو ئازایەتییەمان تێدا هەیە، کە بڵێین دەمانەوێت تەنانەت سووریش بین لەسەر وەڵامدانەوەی و جێبەجێکردنی هەموو ئەو خاڵانەی کە لەوتاری ژمارەی پێشوو، بە خۆزگە باسمان کرد، دەشڵێین ئەو داواکارییانە، داخوازی گشت نەوەکانی گەلی کوردستانن.هیوامان فرە و مەزنە کە داواکارییەکانمان بەخێرایی لەلایەن حوکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، وەڵام بدرێنەوە، کە لەسەرەتا و کۆتایی حوکومەتەکە، هی خۆمانە و سوورین لەسەر پاڵپشتیی و بەهێزکردنی ئاراستە و پێنگاڤەکانی،ئەوانەش بەهۆی دیاریکردنمان بۆ خاڵە نێگەتیڤەکان و ڕەخنەلێگرتنیان، کە ڕەخنەکانمان بنیاتنەرن، تا حوکومەت بەهۆیەوە بتوانێت چاکسازی و چارەسەرییان بۆ بدۆزێتەوە.

پێش هەموو شتێکیش بە جێبەجێکردنی یاسا.